کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-9-2007 3:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کەمێکیش بۆ ویژدان .... ڕۆژ**

ئەوە ئازادی تاکە ڕای خۆی دەخاتە ڕوو کە تیایدا هەیە تا ئەوپەڕی سوکایەتی بەهەرچی موقەدەسات و بەهاکانەوە دەکات و، قسەی سەر زمانیشیان ئەو دەسەڵاتەیە کە دەیان ناوو ناتۆرەی لێ دەنێن. نەشزانراوە بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دواییدا یەکێك بەتۆمەتی ڕەخنەگرتن جا واقیع بن یان پێچەوانەکەی بە قەنارەوە کرابێ، ئەوانە نەبوبێتن کە بە بیانووی زانیاری بڵاوکردنەوە کاری سیخوڕی دە کەن و لە بەرانبەردا بە چەند ڕۆژ بەند کردن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەر ئەو دەسەڵاتەشە کە بەویستی خۆی بووبێت یاخود دان نان بە واقیعی حاڵ ئەو فەزایەی خوڵقاندووە، کە بەبێ ڕەچاوکردنی بەهاکان و ئەخلاقیاتی کۆمەڵگای کوردی و ئینسانیەت چی هاتبێتە سەر زاران پێی گوتراوە. ئەمەش بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەوەی کە درك بەو ڕاستییە بکرێت کەوا سەرکردایەتی سیاسی کورد ناهەقی نەبێت هێندەی سەرقاڵی چۆنیەتی جێگیرکردنی ماددە دەستوریەکان و لەململانێی پاراستنیان بێت بارتەقای ئەوەش لەهەوڵی زیاتر ڕێکخستنەوەی نێومالّی خۆیدابێت و، نەپڕژێتە سەر ئەوەی لەوەڵامی خەڵکانێکدا کە بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆحی لاوازیان لەهەر بوارێك لەبوارەکان و بەبێ جیاکردنەوەی ڕەش و سپی لەیەکدی بەبەرچاوی خەڵکەکەوە ئەزمونێك بەچاك و خراپیەکانیەوە بهێنێتە ژێر پرسیار.. وە نەبێ هەندێ لەو کەسانەی ڕەخنەش دەگرن توانای تەقیمێکی باشتریان نەبێت و نەزانن وەك ئەوەی بێ ئینسافی نەکەن و پێیان وابێت ڕەخنە گرتن بە گەیاندن و خستنە ڕووی لایەنی پۆزەتیف و نەگەتیف هەر گەیاندنی ڕاستییەکانە. هەڵبەتە حکومەتیش بۆ کەمکردنەوەی فشارگەلێك کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە وەك ئەوەی لەئێستادا کاری بۆ دەکات خۆ دەربازکردنە لە سیستمی بەڕێوەبردنی پێشوی کە ڕووبەڕووی ڕەخنەگەلێکی مەنتیقی و نا مەنتیقی ببوەوە، ئەمەش بەجێبەجێکردنی بەرنامەی کاری کابینەی پێنجەمی حکومەت وەك ئەوەی هەنگاوی یەکەمی ناوە، بۆ لەیەکدی جیاکردنەوەی حزب و حکومەت و ئەمەشی لە شێوازی مامەڵەکردنێکی بێ گرفتی بەڕێوەچوونی کارو چالاکییەکانی ئەو فرە ڕەنگییەی کە کابینەی پێنجەمی پێکهێناوە دەرکەوتووە. بێ گومان ئەمەش نیشانەی یەکدی قبوڵ کردنی لایەنەکانی ئەو پێکهاتەیە و بەتایبەت سەرۆکی کابینە دەگەیەنێت، کە وێکڕا کەوتوونەتە ململانێکردن لەگەڵ هەموو ئەو دیاردە ناتەندروستانەی کە خزمەتی بەرژەوەندییە گشتیەکان ناکات.

خۆ ئەگەر پرسیار ئەوەبێت کابینەیەك بە 42 وەزیرەوە کۆمەڵێك ئەرکی قورسی بۆ خۆی هێنابێتە پێش و لە ئەنجامی ئەو ڕێژەیەدا هێندەی ئاڵۆزی و تێکچڕژان ڕۆڵی بینیبێت کە دواجار نەپڕژابێتە سەر ئەوەی لەئاستی بەرپرسیاریەتی بن و، جەماوەریش ئەمەی بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بە پێویستییەك نەزانیبێت، هەڵبەت بۆ ئەکتیڤترکردنی پرۆسەی یەکیەتی نێوان لایەنەکانی نێو پرۆسەکە لە بیناکردنی کابینەکە زەرورەتێك بووە بۆ هاوسەنگ کردنی تەرازووەکە و کۆکردنەوەیان و پابەندبوونیان بەیاسا لەژێر چەتری یەکگرتوودا.

ڕاستە ئەمانە ئەرکی حکومەتە و لەبەرانبەریشدا منەتبارنەکردنی خەڵکەکەیەتی.. لێ ئەوەی حکومەت پێی هەڵساوە بە پاراستنی ئاسایشیشەوە لە نێو هەموو ئەو جەنجاڵی و بێ سەرەو بەرەیەدا کە ناوچەکە تێی کەوتووە و هەرێمی کوردستان بەرقەرارترین پانتاییەتی کە هاووڵاتیانی لەمەترسییەکان بەدوور گرتووە، بۆ ئەوە دەبێت بە خستنە ڕووی ڕەخنەی مەنتیقییەوە ئاماژەیان بۆ بکرێت.

هەمووشمان درك بەو ڕاستییە دەکەین ئەدای حکومەت لە بەرانبەر هاووڵاتیان بەدەر لە کەموکوڕی نییە، لەمێژووی حکومەتەکانیشدا نەبووە بەنەریتێکی باوی سەردەم خەڵکانێك بێن هەر شتێك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بیانەوێت بچێنن و هەندێکی دیکە بێنە سەر حازری و بیدوورنەوە، بێ ئەوەی خۆشیان لەم دوورینەوەیەدا بەشدار بن. بۆیە پێم وایە هەندێ لەوانەی ڕەخنەی جیاواز لە حزب و حکومەت دەگرن باشتر درك بەو ڕاستییە دەکەن کە دۆزی کورد لە ناسکترین و پڕ مەترسیدارترین دۆخ لەململانێ دایە و، ئەو دۆخەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لە بەتەندروست بەڕێوەچوونی پرۆسەی بەمەدەنی بوون و پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕەهایی میدیادا هەیە، لە حاڵێکدا ئەو ڕەهاییەی باسی لێوە دەکرێت لەدایك بوونی مەحاڵە.

ئەوەش ڕاستە کە دەسەڵاتی سیاسی لەلایەك بە تەداخولاتی لە ئەدای سێ دەسەڵاتەکە تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی دا کاریگەرییەکانی لەمپەرن لەبەردەم داکوتانی ڕیشەی دیموکراتییەت، لێ داننان بەو ڕاستیانەو هەوڵ بۆ نەهێشتنیان لە ئارادا بووە، بنەبڕکردنی گەندەڵی و نا عەدالەتی کۆمەلایەتی و... تد، پرۆسەیەکی وای پێویستە کە کورد لە هەموو ئەو مەترسییەی کە هەڕەشەی لەبەینبردنی دەکەن و شەڕی تیرۆریستانیش کۆتایی نەیەت و، هاووڵاتیش لەئاست ئەو بەرپرسیاریەتییە نەبن کە حکومەت بهێنێتە ژێر باری لێپێچینەوەیەکی واقیعانە ئەوا مەحاڵە خەون بەحکومەتێکەوە ببینین کە بەدەر لە وەلانانی بەشێك لە خواستەکانی تاکەکانی بێت. جا بۆیە کاتێك سیاسەتوانێك ڕەخنە بە زەرورەتێکی حەتمی لەبەرانبەر نا عەدالەتی لەهەر بوارێکەوە بزانێت، ئەوا پێویستە بەلەبەر چاوگرتن و خستنە ڕووی ڕاستییەکان و دوور لەبەرژەوەندی تایبەتی و سیاسەتێکی ئامانجداری پلان بۆ داڕێژراو لەبری کای کۆن بەبا کردن بەپرۆژەیەکی نوێی ئەوتۆ بێتە گۆڕەپانەوە گومان لە دڵسۆزی ئەو نەکرێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی بەدیموکراتییەت بوونی سیستمی بەڕێوەبردن و بەدامەزراوەیی کردنی دامودەزگاکان و لێك جوێ کردنەوەی حزب و حکومەت لەیەکدی بێ لەبەر چاوگرتنی واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری... تد، بێ ویژدانی نەبێت شتێکی دیکەو نوێی لێ بەدی ناکرێت. بۆیە هیچ مەنتیقێك لەوەدا نییە هیچ کامێکمان لافی پاکێتی بە "ئەوان" بفرۆشین کە باشترین دەرهاویشتەکانی ئەو واقیعە نیمچە تاڵەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.